بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# كۆمەڵناسی سیاسی

م. توانا عثمان محمدامین
قۆناغی چوارەم – كۆمەڵناسی

## پێگەیاندن(بەکۆمەڵایەتیکردن)ی سیاسی:

- ئەو شێوازەیە کە **کۆمەڵگایەک کەلتووری سیاسی خۆی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازێتەوە،** یارمەتیدەرە بۆ **پاراستن و بەردەوامیدان** بە **نەریت و فێرکاری سیاسی** و دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

- بەواتای ئەو پرۆسانە دێت کە **تاک لە ڕێگەیانەوە ئاراستەی سیاسی و مەعریفە و هەست و هەڵسەنگاندنی ژینگەی سیاسی خۆی بەدەست دەهێنێت.**

- بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسی، بە پرۆسەیەکی **گەشەسەندن** دادەنرێت کە لەڕێگەیەوە هاوڵاتی توانای پێگەیشتنی سیاسی هەیە و لەم پرۆسەیەشدا تاکەکان، زانیاری و هەست و باوەڕی هەمەچەشن بەدەست دەهێنن، کە یارمەتی دەدات لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و پەیوەندیکردن بە ژینگەی سیاسی دەوروبەرییەوە.

- **ئاڕاستە سیاسییەکانی تاک** بە بەشێک لە **ئاراستە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان** دادەنرێت، زۆرجار بیروبۆچوونەکان بەرامبەر بە ژیانی سیاسی، پەیوەستن بە دیدگا ئابووری و کولتووری و ئایینییەکانەوە.

- هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کە بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسی، یەکێکە لەو پرۆسە کۆمەڵایەتیانەی کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە ئەو زانیاری و بەها و ئاراستانە بەدەستدەهێنن، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگاکەیانەوە هەیە.

- **دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسی:**

- لە گرنگترین دامەزراوەکانی پێگەیاندن(بەکۆمەڵایەتیکردن)ی سیاسی بریتین لە: **(خێزان، قوتابخانە، پارتە سیاسییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ڕاگەیاندنی جەماوەری، سەرکردایەتی)**

- زانایان و توێژەران پێیانوایە، هەموو ئەو دامەزراوانە هاوکار و تەواوکاری یەکترین بۆ چاندنی بەها سیاسییە بنەرەتییەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا، بۆ پەروەردەکردنیان لە ڕووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی **زانستی و پراکتیکی**، هەروەها بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا، دروستکردنی **هاوڵاتی باش** کە توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی سیستەمی سیاسییان هەبێت بە شێوەیەکی **ئەقلانی**.

- به شێوەیەک کە **ئاستی بەشداری سیاسییان بەرزتربێتەوە**، لە بەرامبەردا سوود و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان **کۆمەڵگا و دەوڵەتدا** بەدەست بهێنێت، واتە بۆ سوودگەیاندن بە جەماوەر کە بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەیان هەیە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی مرۆڤ.

- بۆیە دەزگاکانی بەکۆمەڵایەتیکردن(پێگەیاندن)ی سیاسی، کاردەکەن بۆ ئەوەی هەستی **نیشتمانپەروەری** و **نەتەوەیی** لە تاکەکاندا بچێنن، ئەمەش وایان لێدەکات **شانازی بە کولتوور و میرات و شارستانییەتی خۆیانەوە بکەن**، شانازییەک کە پاڵیان پێدەنێت بۆ کارکردن و تەنانەت قوربانیدان، لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەیدا.

- بە هەمان شێوە، پێگەیاندنی سیاسی دامەزراوەکان، توانای **دروستکردنی ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی لەنێو تاکەکاندا** هەیە، کە لەگەڵ **بەها و بنەماکانی کۆمەڵگاکەیاندا بگونجێت**، بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بۆ **گەشەپێدانی** کۆمەڵگا، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەدەستبهێنن.

- لەلایەکیترەوە، کاردەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی **بیرۆکە و بیروباوەڕی وێرانکەر** کە لەلایەن هێزە ئیمپریالیستەکانەوە ئاراستە دەکرێن، بە مەبەستی **تێکدانی متمانە بەخۆبوون و شێواندنی بیرۆکەی هاووڵاتیان لە پێناو کۆنترۆڵکردنیان**، لەم حاڵەتەدا ئامرازەکانی پێگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە و زۆر گرنگیان هەیە.



زۆر سوپاس